**رامیاری ئابووری هەمووەکی**

***Macroeconomics policies***

***<u>کۆرسی دووەم</u>***

**م. ی. جولیانا جمیل یوخنا**

## بەشی یەکەم

## هاوسەنگی هەمووەکی  و  چەندجارە

## یەکەم : هاوسەنگی لە داهاتی نەتەوەیی

بە شێوەیەکی گشتی هاوسەنگی داهاتی نەتەوەیی بەدەست دێت بەو دوو ڕێگایە :

کاتێك خواستی هەمووەکی یەکسان دەبێت لە گەڵ داهاتی هەمووەکی.

یان کاتێك زیادەکانی سەر داهاتی نەتەوەیی یەکسان دەبێت بە لێچوونەکانی داهاتی نەتەوەیی.

**ڕێگای یەکەم**

داهاتی هەمووەکی = خواستی هەمووەکی

داهاتی نەتەوەیی = بەکاربردن + وەبەرهێنان+ خەرجی حکومی+( هەنارده – هاورده)

Aggregate Income = Aggregate Demand

$$Y = C + I + G + (X - M)$$

**ریگای دووەم**

زیادەکانی سەر داهات = لێچوونەکانی داهات

وەبەرهینان + خەرجی حکومەت + هەنارده = پاشەکەوت + باج + هاورده

Inflow = Outflow

$$I + G + X = S + T + M$$

**ئاستەکانی هاوسەنگی**

بۆ ئەوەی ئاسانتر هاوسەنگی هەمووەکی روون کەینەوە پێویستە بە چەند هانگاوێك یان ئاستێك شیکردنەوەکەمان دەست پێکەین:

**هەنگاوی یەکەم** بۆ سادەیی تێگەیشتن وادائەنێن کە ئابووری داخراوە و حکومەتیش هیچ رۆڵی نیە:

کەواتە تەنها دوو کەرتی ئابووری هەموو داهاتی نەتەوەیی بە دەست دێنن ئەوانیش : بەکاربردن و وەبەرهینان

داهاتی هەمووەکی = بەکاربردن + وەبەرهێنان

پاشەکەوت = وەبەرهێنان



**ئاستی دووەم**

**لەو ئاستە زیاتر نزیك دەبینەوە لە راستی ئەویش تەنها وا دائەنێین کە ئابووری داخراوە وە رۆڵی حکومەت زیاد دەکەین بۆ مۆدیلەکەمان .**

**داهاتی هەمووەکی = خواستی هەمووەکی**

**= بەکاربردن+ وەبەرهێنان + خەرجی حکومەت**

**پاشەکەوت + باج = وەبەرهێنان + خەرجی حکومەت**

$$Y = C + I + G$$

$$S + T = I + G$$



**ئاستی سێیەم**

**لەو ئاستە هەموو کەرتەکانی ئابووری وەردەگیرێن :**

**داهاتی هەمووەکی = خواستی هەمووەکی**

**= بەکاربردن + وەبەرهێنان + حکومەت + ( هەناردە — هاوردە)**

**پاشەکەوت + باج + هاوردە = وەبەرهینان + حکومەت + هەناردە**

$$Y = C+I+G+(X-M)$$

$$S+T+M = I+ G + X$$



دووەم : **چەندجارە (Multiplier)**

چەندجارە کاتێك ڕوودەدات کە یەکێك یان زیاتر لە زیادەکانی سەر داهات زیاد دەبێت، دەبێتە هۆی زیاد بوونی داهاتی هەمووەکی بە چەند جاری تر.

بۆ نمونە ئەگەر وەبەرهێنان زیادی کرد بە بڕی 10 ملیۆن دۆلار دەبێتە هۆی زیاد بوونی خواست لەسەر کاڵا سەرمایەداریەکان یان بە گشتی زیاد بوونی خواست لە سەر هۆکارەکانی بەرهەمهێنان ئەوەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی داهاتی ئەو هۆکارانە.

بەلام ئەو زیادە لە داهاتی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەکاربردن بەرادەی یەکسان بە مەیلی حەدی بەکابردن.

**شێوەی ماتماتیکی**

وەکو باسمان کرد لە سەرەوە کە داهاتی هەمووەکی یەکسانە بە بەکاربردن و وەبەرهێنان لە وولاتی بێ ڕۆڵی حکومەت و ئابووری داخراو:

$$Y = C + I$$

$$\Delta Y = \Delta C + \Delta I \quad ......(1)$$

بەلام وەکو باسکرا لە بەشەکانی پێشو هاوکیشەی بەکاربردن :

$$C = a + \beta Y \quad ......(2)$$

کەواتە هەرزیادبوونێك لە داهات دەبیتە هۆی زیاد بوونی بەکاربردن بە رادەی $\beta$ ( مەیلی حەدی بەکاربردن ) ، کەئەویش کەمترە لە 1

کەواتە :

$$\Delta C = \beta \Delta Y \quad .........(3)$$

بە لە جیاتی دانانی هاوکێشەی (3) لە هاوکێشەی (1)

$$\Delta Y = \beta \Delta Y + \Delta I$$

$$\Delta Y - \beta \Delta Y = \Delta I$$

$$\Delta Y (1 - \beta) = \Delta I$$

$$\frac{\Delta Y}{\Delta I} = \frac{1}{(1 - \beta)}$$

چەند جارە = $\frac{1}{1 - \text{مەیلی حەدی بەکاربردن}}$

مەیلی حەدی بەکاربردن + مەیلی حەدی پاشەکەوتکردن = 1

مەیلی حەدی پاشەکەوتکردن = 1- مەیلی حەدی بەکاربردن

$$\text{چەند جارە} = \frac{1}{\text{مەیلی حەدی پاشەکەوتکردن}}$$

نموونە / ئەگەر هاوکیشەی بەکاربردن یەکسان بێت به : $C= 500 + 0.75Y$ و
$I = 200$

داواکاری :

1. هەژمارکردنی داهاتی هاوسەنگ
2. هەژمار کردنی چەند جارەی وەبەرهێنان

ئەو زیادە چەندە لە داهات ئەگەر وەبەرهێنان زیاد بوو به 50 یەکە

%

## 1- چەندجارەی بەکاربردنی خۆرسك :

هەروەك لە چەندجارەی وەبەرهێنان ، ئەگەر بەکاربردنی خۆرسك بگۆریت ئەوە هەمان کاریگەری دەبیت لە سەر داهاتی نەتەوەیی . ئەگەر هاتوو بەکاربردنی خۆرسك لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە $a$ گۆرا بۆ $a1$ ئەوە داهاتی نەتەوەیی دەگۆریت بە هەمان ئاراستە بە گوێرەی ئەو هاوکیشەی خوارەوە .

$$\Delta Y = \Delta a \frac{1}{B} \rightarrow \frac{\Delta Y}{\Delta a} = \frac{1}{1-b}$$

نموونە : ئەگەر بەکاربردنی خۆرسك زیادی کرد لە 100 ملیون بۆ 400 ملیون و مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت بە 0,75

داواکاری :

چەند جارەی بەکاربردن چەندە ؟

داهاتی نەتەوەیی چەند زیاد دەکات لە ئەنجامی ئەو زیادبونە لە بەکاربردنی خۆرسك .

چەند جارە $$Mr = \frac{1}{1-b} = \frac{1}{1-0.75} = \frac{1}{0,25} = 4$$

$$\Delta Y = \Delta a \frac{1}{1-b} = 300 * 4 = 1200$$

## 2- چەند جارەی خەرجی حکومەت :

بەهامان شێوەی چەند جارەی وەبەرهێنان و بەکاربردنی خۆرسك چەندجارەی خەرجی حکومەت دەدۆزینەوە بەم هاوکیشەیە :

$$\Delta Y = \Delta G \frac{1}{1-b} \quad == \quad \frac{\Delta Y}{\Delta Go} = \frac{1}{1-b}$$

نمونە : ئەگەر خەرجی حکومەت زیادی کرد به بری 5000 ملیون و مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت بە 0,8

داواکاری :

چەند جارەی خەرجی حکومەت چەندە ؟

داهاتی نەتەوەیی چەند زیاد دەکات لە ئەنجامی ئەو زیادبونە لە خەرجی حکومەت .

$$\frac{\Delta Y}{\Delta Go} = \frac{1}{1-b} = \frac{1}{1-0.8} = \frac{1}{0.2} = 5$$

$$\Delta Y = \Delta G \frac{1}{1-b} = 5000 * 5 = 25000$$

### 3- چەند جارەی ئابووری کراوە

ئەگەر بازرگانی نیودەولەتی هەبیت بیخەینە نیو هاوکیشەی داهاتی نەتەوەیی ئەوە ئابوری ولات بە ئابووری کراوە دەناسریتەوە بۆیە دەبیت کاریگەری هەناردەو هاوەردە هەژماربکەین : بە تایبەتی رۆلی */هاوردە . ئەگەر گریمان هاوکیشەی هاوردە بەم شیوەیەیە بیت :

M = M0 + mY

M0 : هاوردەی خۆرسك

m : مەیلی حەدی هاوەردە ( MPI )

دەتوانین بە شیوەی هاوکیشەی بیرکاری چەندجارەی هاوەردە داتاشین لە ئابووری کراوە بەم شیوەیەی خوارەوە :

Y = C + I + G + (X - M)
C = a + b Y
I =Io , G =Go , X = Xo
M = M0 + mY

Y = a + b Y + I + G + X - M0 - mY
Y – bY + mY = a + I + G + X - M0
Y ( 1 – b + m ) = a + I + G + X - M0

$$Y = \frac{1}{1-b+m} (a + I + G + X - M0)$$

$$Mr = \frac{1}{1-b+m}$$

نمونە : ئەگەر لە ئابووری کراوە مەیلی حەدی هاوەردە یەکسانبیت بە 0.3

ومەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت 0.8

$$Mr = \frac{1}{1-b+m} = \frac{1}{1-0.8+0.3} = \frac{1}{0.2+0.3} = \frac{1}{0.2+0.3} = \frac{1}{0.5} = 2$$

4- چەند جارەی پێچەوانە :

وەکو لە پیشتر بینیمان کە چەندجارە کار دەکاتە سەر هەر زیادبونیك لە گۆڕاوەکانی داهاتی نەتەوەیی کە زیاد دەبیت داهاتی نەتەوەیی چەندجار زیتر دەبیت بەگویرەی مەیلی حەدی بەکاربردن . ئیستا بە پیچەوەانەوە ئەگەر هەریەك لەو گۆڕاوانە کەمیان کردەوە ئەوە داهاتی نەتەوەیی بە هەمان ریژە ی چەندجارە کەم دەکاتەوە . هەروەك لەو نمونەی خوارەوە دەیبینین

نمونە : ئەگەر خەرجی حکومەت کەمی کردەوە بە بری 400 ملیون دۆلار و مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت بە 0.8 ئەوە چەندجارە چەندە و بری کەمبونەوەی بەرهەمی نەتەوەیی چەندە .

$$Mr = \frac{1}{1-b} = \frac{1}{1-0.8} = \frac{1}{0.2} = 5$$

بری کەمبونەوە لە بەرهەمی نەتەوەیی یەکسانە بە

$$\Delta Y = -\ 400 * 5 = -\ 2000$$

کەواتە بەرهەمی نەتەوەیی بە بری 2000 ملیون دۆلار کەم دەبیتەوە لە ئەنجامی دابەزینی خەرجی حکومەت بە بری 400 ملیون دولار

5- چەند جارەی باج

هەموو حکومەتانی دونیا بۆ بەدەست هینانی داهات یان وەکو ئامرازیك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دارایی باج وەدەگرن ، ئەو باجە بە دوو جۆرە یان بە شیوەیەکی راستەوخۆیە وەك ریژەیە لە داهات وەردەگیریت یان بە شیوەی ناراستەوخۆیە کە لەسەر کالاو خزمەتگوزاریەکان دادەنریت .

کەواتە دەتوانی ئەم بابەتە دابەش بکەین بۆ دوو جۆر

أ) باجی نەگۆڕ

حالەتی چەندجارەی باجی نەگۆڕ دەتوانین بەم شێوەیە خوارەوە هاوکیشەکەی دابریژین بیدۆزینەوە :

سەرەتا با وادابنیین کە ئابووری داخراوە کەواتە بەرهەمی نەتەوەیی بەم شێویە

$$Y = C + I + G$$

$C = a + b Y$
$I = Io$ , $G = Go$ , $T = To$
$Yd = Y – To$
$C = a + b ( Y - To) = a + bY - bTo$
$Y = a + bY - bTo + Io + Go$
$Y – bY = a – bTo + Io + Go$
$Y ( 1-b) = a - bTo + Io + Go$

$$Y = \frac{1}{1-b} ( a – bTo +Io + Go ) \Rightarrow \quad Mr = \frac{\Delta Y}{\Delta To} = \frac{\partial Y}{\partial To} = \frac{-b}{1-b}$$

**کەواتە ئەگەر ئابووری کراوە بیت ئەوە مەیلی حەدی هاوەردە بۆ ئەو هاوکیشەی سەرەوە زیاد دەکریت**

$$Mr = \frac{\Delta Y}{\Delta To} = \frac{\partial Y}{\partial To} = \frac{-b}{1-b+m}$$

**نمونە : ئەگەر حکومەتی یەك لە ولاتەکان بریاریدا بە زیادکردنی باجی سەر مۆلەت دان زیاد بکات بە بری 400 ملیون دۆلار ، وەئەگەر زانیت مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسانە بە ( 0.75) و داهاتی هاوسەنگ پێش زیادکردنی باج یەکسانە بە 6000 ملیون دولار داواکاری :**

**بەهای چەندجارەی باجی نەگۆر چەندە**

**داهاتی هاوسەنگی نوی دوای باج چەند دەبیت**

$$Mr = \frac{\Delta Y}{\Delta To} = \frac{-b}{1-b} = \frac{-0.75}{1-0.75} = -3$$

**چەند جارەی باجی نەگۆر یەکسانە بە** 3-

$$\Delta Y = Mr( \Delta To)$$
$$\Delta Y = -3 ( 400) = -1200$$

**کەواتە بەرهەمی نەتەوەیی بە بری** 1200 **ملیون دۆلار کەمدەبیتەوە**

**بەرهەمی نەتەوەیی هاوسەنگ دوای باج یەکسانە بە**

*6000 – 1200 = 4800*

**ب) <u>حالەتی چەندجارەی باجی رێژەیی</u>**

**لەو حالەتەدا باج دەبەستریتەوە وەکو رێژەیەك لە داهات یان** $T = tY$

t : مەیلی حەدی باجە

بەلام ئەگەر هەردوو جۆری باج هەبوو ئەوە هاوکیشەی باج بەم شیوەیە دەبیت : $T = To + tY$

To : باجی نەگۆرە

tY : ئەو بەشە باجی ریژەییە

دەتوانین بە شیوەیەکی ماتماتیکی لە داهاتی هاوسەنگ دابیریژین بەم شیوەی خوارەوە :

$Y = C + I + G$

$C = a + b\,(Yd)$

$Yd = Y - T$

$T = tY \Rightarrow C = a + b\,(Y - tY)$

$I = Io \;,\; G = Go$

$Y = a + b\,(Y - tY) + Io + Go$

$Y = a + bY - btY + Io + Go$

$Y - bY + btY = a + Io + Go$

$Y\,(1 - b + bt) = a + Io + Go$

کەواتە ئەگەر باجی نەگۆر نەبیت ئابووریش داخراوبیت ئەوە هاوکیشەکە :

$$Mr = \frac{\Delta Y}{\Delta tY} = \frac{1}{1-b+bt}$$

بەلام ئەگەر هەردوو جۆرە باج نەگۆر و ریژەیی هەبیت ئەوە هاوکیشەکە بەم شیوەیە دەبیت :

$$Mr = \frac{\Delta Y}{\Delta T} = \frac{-b}{1-b+bt}$$

بەلام ئەگەر هاتوو ئابووری کراوە بوو و هەردوو جۆرە باج نەگۆر و ریژەیی هەبیت ئەوە هاوکیشەکە بەم شیوەیە دەبیت:

$$Mr = \frac{-b}{1-b+bt+m}$$

نمونە : ئەگەر زانیت مەیلی حەدی باج یەکسانە بە 0.25 و مەیلی حەدی بەکابردن یەکسانە بە 0.8

داواکاری :

بەهای چەندجارەی باج بدۆزەوە

بری گۆران لە داهاتی هاوسەنگ بدۆزەوە ئەگەر زانیت کە باجی نەگۆر زیادی کردبوو بە بری 500 ملیون

چونکە هەردوو جۆرە باج هەیە کەواتە بەهای چەندجارە بەو هاوکیشەیە دەدۆزینەوە

$$Mr = \frac{\Delta Y}{\Delta T} = \frac{-b}{1-b+bt}$$

$$= \frac{-0.8}{1-0.8+(0.8\ x\ 0.25} = \frac{-0.8}{0.4} = -2$$

بری گۆڕان لە داهاتی هاوسەنگ یەکسانە بە :

$\Delta Y$ = Mr ($\Delta T$)

$$\Delta Y = -2\ (500) = -1000$$

**راهێنان 1//** ئەگەر هاوکیشەی بەکاربردن یەکسان بێت بە : $C= 80 + 0.6Y$ و ئەو خشتەیە تەواو بکە ئەوانەی خوارەوەش بدۆزەوە :

| AD | APC | I | S | C | Y |
|---|---|---|---|---|---|
| | | 100 | | | 50 |
| | | 100 | | | 150 |
| | | 100 | | | 250 |
| | | 100 | | | 350 |
| | | 100 | | | 450 |
| | | 100 | | | 550 |
| | | 100 | | | 650 |
| | | 100 | | | 750 |

1. هاوکیشەی پاشەکەوت بدۆزەوە
2. هەژمارکردنی داهاتی هاوسەنگ
3. هەژمار کردنی چەند جارەی وەبەرهێنان
4. ئەو زیادە چەندە لە داهات ئەگەر وەبەرهێنان زیاد بوو بە 40 یەکە

**راهێنان 2//**

ئەگەر چەندجارەی وەبەرهێنان یەکسان بیت بە : 5 مەیلی حەدی پاشەکەوت بدۆزەوە MPS هەروەها داهاتی هاوسەنگ ئەگەر زانیت بەکاربردنی خۆرسك یەکسانە بە 200 و وەبەرهێنانیش یەکسانە بە 150

**راهێنان 3//** ئەگەر هاوکیشەی بەکاربردن یەکسان بێت بە : $C= 150 + 0.75Y$ و هاوکیشەی پاشەکەوت بدۆزەوە و نەخشەیەك بکێشە تیایدا دیاری بکە کە کاریگەری گۆران لە وەبەرهێنان لەسەر داهاتی هاوسەنگ چۆنە؟

**بەشی دووەم**

**هەڵئاوسان** *Inflation*

لەدونیای سەردەم هەڵئاوسان بە یەکیك لە بەرچاوترین دیاردەی ئابووری ئەمرۆ دەناسرێت. رێژەی هەڵئاوسانی ئابووری گۆرانکاری بەرچاوی بە خۆوە بینیوە لە سەدەی رابوردو و ئێستاش. لە هەندی وولات دوور نیە رادەی هەڵئاوسانی ئابووری گەیشتبێتە رێژەیەکی زۆر بەرز و ترسناك زیاتر لە 300٪ ، وەکو بولیفیا والارجنتین و نیکاراگوا. بەلام لە هەندێ وولاتی تر رادەکەی زۆر نزمتر بووە.

**پێناسای هەڵئاوسانی ئابووری**

زۆر لە ئابووری ناسان هەڵئاوسان وەکو بەرزبونەوەی ئاستی نرخ لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەناسێنن . بەلام هەموو بەرزبوونەویەکی نرخ هەڵئاوسان نیە . دوو مەرجی سەرەکی هەیە لە هەر بەرزبونەوەیەك لە نرخدا تا بە هەڵئاوسان بناسریت.

ئەو بەرز بونەوەیە دەبێت گشتی بێت لە نرخی هەموو یان زۆربەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکانی ئالوگۆر دەکرین لە وولاتێکدا. چونکە لە بەر هەر هۆیەك دوور نیە نرخی کاڵایەك یان خزمەتگوزاریەك بەرز بێتەوە بەلام نابێتە هەڵئاوسانی ئابووری چونکە هەڵئاوسان بەرزبونەوەی ئاستی گشتی کاڵاکانە، نەك یەك یان چەند کاڵایەکی دیاریکراو.

ئەو بەرزبوونەوەیە دەبیت بەردەوام بێت نەك کاتی، ئەگەر هاتوو نرخی کاڵاکان بۆ ماوەیەکی کورت بەرزبۆوە دواتر دابەزی و گەرایەوە ئاستی پێشوی ئەوە نابێتە هەڵئاوسان ، بەڵکو بەرزبونەوەیەکی کاتیە یان وەرزیە بەهۆی لێکترازانێکی کاتی نێوان خواست و خستنەروو روویداوە دواتر دێتەوە باری ئاسایی خۆی.

هەر بۆیە پێناسەی هەڵئاوسان ئەوەیە: *بەرزبونەوەیەکی بەردەوام لە ئاستی گشتی نرخی کاڵاکان لە ماوەیەکی درێژدا ساڵێك یان زیاتر .*

هەندی لە زاناکان پێناسەی هەڵئاوسان دەکەن بەوەی ( پارەیەکی زۆر لە بازاردا بەدوای برێکی کەم لە کاڵادا کەوتوون . یان دەتوانین بڵێین : زیادەیەکی زۆر لە خواستی هەمووەکی بەرامبەر بە خستنەرووەێکی کەمتر لە بازاردا بۆ ماوەیەکی درێژدا .

**کاریگەری هەڵئاوسان:**

هەڵئاوسان بە دوو ئاراستەی جیاواز کاردەکاتە سەر توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگا لە یەك کاتدا. هەندی لە توێژەکانی کۆمەڵگا سوودمەندن هەندێکیتر بە پێچەوانەوە زەرەرمەندن ، بۆیە ناتواندری بەئاسانی و راشکاوی سوود و زیانی هەڵئاوسان دیاریبکرێت لە کۆمەڵگادا :

توێژە زەرەرمەندەکان : ئەو توێژانەی خوارەوە بەردەوام زەرەرمەندن لە کاتی روودانی هەڵئاوسانی ئابووری:

- ئەوانەی داهاتیکی نەختێنی دیاریکراو و نەگۆریان هەیە: وەکو موچەخۆر و خانەنشین و هتد.
- ئەوانەی خاوەن پاشەکەوتێکی نەختێنی دیاریکراویان هەیە، هەر چەند بە نرخی سوودی نەگۆر لە بانکەکانیان دانابیت.
- بەلێندەرە بازرگانیەکان بە پێدانی کاڵاکان لە داهاتوو دا بە نرخیکی دیاریکراودا.

- قەرزدەری بە نرخی سوودی نەگۆڕ .

**توێژە سوودمەندەکان:** ئەو توێژانەی خوارەوە زۆر جار سوودمەندن لە روودانی هەڵئاوسانی ئابووری لە وولاتدا :

- ئەوانەی داهاتیان دەگۆڕێت وەکو بازرگان و کاسبکاران ،یان ئەوانەی رۆژ بە رۆژ داهاتەکانیان بەدەست دێنن، هەروەها جوتیار و خاوەن کارگەکان کاتی نرخی کاڵا و بەرهەمەکانیان بەرز دەبێتەوە.
- ئەوانەی پارە بە قەرز وەردەگرن بە سوودیکی دیاریکراو . یان ئەوانە بە قەرز پێداویستیەکانیان دەکرن وەکو کرینی کاڵای تەمەندار بە قستی مانگانە.
- خاوەن سامان لە سەر شێوەی خانو بەرەو زەوی و زێر .. هتد.
- ئەو کەسانەی پاشەکەوتەکانیان بە دراوی بیانییە وەکو دۆلار و یۆرو.

بێگومان هەڵئاوسان بە شێوازیکی ناراستەوخۆ دەبێتە هۆی دووبارە دابەش بوونەوەی داهات لە نێو توێژەکانی کۆمەڵگادا بە جۆرێك بەشیك یان چەند تویژیك دەوڵەمەندتر دەبن چەند تویژیکی تر هەژارتر . ئەوەش دەوەستێتە سەر رێژەی ئەو توێژانە کە زەرەرمەندن زیاترە یان سوودمەندەکان . بۆیە ناکرێت بە ئاسانی بریار بدریت کە کۆمەڵگا بە گشتی سوود مەندە لە روودانی هەڵئاوسانی ئابووری یان زیان مەند.

بەلام دەکریت بەشێوەیەك ئەو توێژە زەرەرمەندانە بپارێزین لە زیانەکانی هەڵئاوسانی ئابووری ، ئەگەر هاتوو رادەو کاتی هەڵئاوسان پێشبینیکراو بوو . ئەویش بە گرتنەبەری ئەو ریگایانەی خوارەوە :

سەندیکای کرێکاران دەتوانی بە دانانی برگەیەك لە بەستەی کریکاران کە کرێ کانیان ببەسترێتەوە رادەی بەرزبوونەوەی نرخی پێشبینیکراو.

ئەوانەی پاشەکەوتەکانیان نەختێنیە دەتوانن پێش روودانی هەڵئاوسان بیگۆرن بە خانو بەرەو یان زێر.

ئەگەر قەرزدەرەکان پێشبینی رادەی هەڵئاوسانی ئابووری داهاتوو بکەن دەتوانن نرخی سوود بەرز کەنەوە .

**جۆرەکانی هەڵئاوسانی ئابووری**

چەند جۆریك هەیە لە هەڵئاوسان بەگویرەی ئاست و شێواز و هۆی سەرهەڵدانی:

1. هەڵئاوسانی یەکجار و هەڵئاوسانی خشۆك
2. هەڵئاوسان واڵاو هەڵئاوسانی گیراو
3. هەڵئاوسانی خواست هەڵئاوسانی تێچون

**هۆی هەڵئاوسان و تیۆرەکانی**

تیۆرەکانی هەڵئاوسان بەدوای هۆیە سەرەکیەکانی دروست بوونی هەڵئاوسان و چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆی دەگەریت:

دوور نیە زۆر تیۆری ئابووری هەبێت هەر یەکەو بە جۆرێك هۆی سەرهەڵدانی هەڵئاوسان لێکداوەتەوە بەلام هیچ کام لەمانە ناکرێت بەتەنها پشتی پێببەستی بۆ رونکردنەوەی هۆی سەرەکی هەلئاوسان.

**یەکەم : تیۆری نەختێنی**

وەکو ئابووریناسە کلاسیکیەکان و نیو کلاسیکیەکان بۆیدەچن کە هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی هەڵئاوسان دەگەرێتەوە بۆ زیادەی بری پارەی نەختێنی لە بازار یان ئابووریدا.

کلاسیکەکان پێیان وابوو کە هەر زیادەیەك لە خستنەرووی پارە دەبێتە هۆی زیادبونی ئاستی نرخی گشتی لە بازاردا.

ئەو بۆچونە پشت بەوە دەبەستێت کەوا کاتی ئابووری لە بەکارهێنانی تەواو دایە ئاستی بەرهەمی نەتەوەیی نەگۆرە . ئەوەش پێویستی بە برێکی نەگۆر هەیە لە نەختی پێویست بۆ ئالۆگۆرکردن.

ئابووری ناسی ئەمریکی میلتۆن فریدمان ئەو تیۆرەی دوپاتکردەوە بەوەی گوتی هەڵئاوسان لە هەر کوێیەك رووبدات دەگەرێتەوە بۆ هۆی زیاد بوونی بری پارەی (نەختی) نیو بازار.

فریدمان لە رێگای ئەو شیوەی خوارەوە ویستی بۆمان رونکاتەوە کە خستنەرووی نەختینی نێو بازار دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی نرخی گشتی



**دووەم : تیۆری راکێشانی خواست**

لەو تیۆرە هۆی سەرهەلدانی هەڵئاوسان دەگەرێتەوە بۆ لایەنی خواست یان ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی خواستی هەمووەکی بە برێکی زیاتر لە خستنەرووی هەمووەکی ، کە بەرێیەوە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی نرخەکان بە بەردەوامی لە بازاردا.

لەرێگای ئەو شێوەی خوارەوە دەتوانین ئەو تیۆرە رونکەینەوە:




**سییەم : تیوری خستنەروو تێچوون**

دوای ئەوەی تیۆری کێشانی خواست نەیتوانی بەرگری رەخنەکانی قەیرانی سالانی 70 کان بگرێت . تیۆریکی تر هات ویستی لەلایەن خستنەرووە شیکردنەوە بکات

ئەو تیۆرە پێوایە هۆی هەڵئاوسان دەگەرێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی تێچوی بەرهەمهینان بەگشتی و بە تایبەتیش کری کریکاران .

ئەو تیۆرە دوای شەری جیهانی دووەم هاتە بەر باس و لێکۆلینەوە




بەرهەمی نەتەوەیی

**دوو گریمانەی سەرەکی**

- بازار مۆنۆپۆل کراوە لە لایەن کۆمپانیاکان کە دەتوانن نرخ بەرز بکەنەوە لە کاتی بەرز بوونەوەی تیچووی بەرهەم هینان.

- سەندیکای کریکاران دەتوانی کری کار بەرز کاتەوە ئەگەر پێشبینی کرد کە نرخ بەرز دەبێتەوە .

ئەم دوو خالا بووە هۆی ئەوەی کە گفتو گۆی زور بکریت کەوا کی بەرپسیارە لە هەڵئاوسانی ئابووری . سەندیکاکان یان کۆمپانیاکان

**چوارەم : تیۆری خێرا و توند**

ئەو تیۆرە هۆی هەلئاوسان دەگەرینیتەوە بۆ هەردوو لای خستنەروو و خواست بە یەکەوە .

ئەو تیۆرە پیوایە کە سیاسەتی دراویی نەختێنی حکومەت کاردەکاتە سەر لایەنی خواست بۆ سەرەوەی دەبات .

پێشبینی نرخەکان کار دەکاتە سەر بەرزبونەوە کری و ئەویش کاردەکاتە سەر لایەنی خستنەروو.


P
AD1
AS
AD
AS
P
NP NP1
بەرهەمی نەتەوەیی

# بەشی سێ یەم

# بازاری کار و بێکاری

## *Unemployment and labor market*

**یەکەم :   خستنەرووی کار**

خستنەرووی کاری تاك جیاوازە لە خستنەرووی کاری هەمووەکی.

کاری تاك ( *Individual labor supply* ) بریتی یە لە تێروانینی مایکرویی (جزئی) چونکە ئابووری مایکرۆ یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنیدا . وەلامی ئەو پرسیارە دەداتەوە : چۆن کەسێك بریار دەدات لە سەر خستنەرووی کاری خۆی لە بازاردا؟

هەرتاکیك کاتەکانی خۆی دابەش دەکات لە نیوان کارکردن و حەوانەوە (پشودان) ، ئەوەش دەوەستێتە سەر ئاستی داهاتی .

**تێچوی دەرفەتی لەکیسچو**

کاتی تاکێك بریاردەدات کار بکات ( بچێتە بازاری کار کردن ) کەواتە کاتی حەوانەوەی کەمدەکاتەوە. وەکو ئەزانین مرۆڤ لە کاتی پشو یان حەوانەوە بە بەکاربردنی کاڵاو خزمەتگوزاری کات بەسەر دەبات ، ئەو کاڵایانەش سوودیکی پیێ دەبەخشن (منفعە) .

بەلام کارکردن بەپێچەوانەوە ئەو سوودەی پێنابەخشی بەڵکو لە کیسی دەچیێ ،بۆیە دەبێت قەرەبوی ئەو سوودەی بۆ بدرێتەوە کە ئەویش پێدەوتریت کریێ کار.

بەم چەمکە دەوترێت دەرفەتی لەکیسچو (*Opportunity cost*)

**ا) چەماوەی کاری تاك**

ئەگەر گریمان تاکێك ژیرانە کاتی خۆی دابەش دەکات لەنێوان کاتی حەوانەوە (پشو ) کاتی کارکردن ، بە شێوەیەك کە بەرزترین سوودی ( منفعەی) بۆ دابین بکات .

لە نەخشەی خوارەوە رونی دەکەینەوە چۆن چەماوەی کاری تاك دروست دەبێت:

کە تەوەری ئاسۆیی کاتژمیری کاتی کارە تەوەری ستونی تایبەتە بە داهاتی کریکارە لە رۆژیکدا.


داهاتی رۆژانە
R3
R2
b
C
R1
A
H3
H1
H2


R3
R2
R1
H3
H1
H2

أ) **خستنەرووی هەمووەکی کار**

**کۆی کاری تاکەکان دەبێتە خستنەرووی هەمووەکی**

**واتە سەرجەم هیزی کار لە بازارێکی دیاریکراو. چەماوەی خستنەرووی هەمووەکی وەکو خستنەرووی کاری تاك نیە بەرەو دواوە بگەریتەوە . بەلکو بەرەو سەرەوەی لای راست دەروات هەردەم .**

**هەر چەند کری زیاد بکات خستنەرووی کاریش زیاد دەکات . هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر چەند کەسیك یان گروپێك خستنەرووی کاری کەمکاتەوە ئەوە چەند کەسێکی تر دیتە بازارەوە.**




**هۆکارەکانی زیاد بوونی خستنەرووی کار**

**زۆر هۆکار هەن لەوانە:**

- **تەمەنی یاسایی ( 16 - 65 ) بۆ پیاوان ( 16- 59) بۆ ژنان**
- **ژینگەی کار : ئایە یەکسانی رەچاودەکرێت ؟**
- **کەلتور : ئایا کۆمەلگا بوار بە کاری ژنان دەدات**
- **ئاستی کری**
- **جەنگ و باری سیاسی :**
- **سیاسەتی حکومەت :**
- **رۆلی سەندیکا : سەپاندنی کریێ لە ئاستێکی دیاریکراو**

**بێکاری**

بێكاری مانای ئەوەیە بەگشتی : كە ژمارەیەكی زۆر لە هێزی كار بێكارە یان كاریان دەست ناكەوێت.
بەلام ئەگەر ئەو پێناسەیە بە شێوەیەكی وەرد تر بناسینەوە ئەوە دەبێت زۆر قوڵتر بروانینە دیاردەی بێكاری ، چونكە هەركەسیك كاری دەست نەكەوت ناتوانین بە بێكاری بناسێنین ، بەڵكو چەند مەرجێك هەیە تا بە كەسێك بوترێت بێكار :

- پێویستە ئەو كەسە توانای تەواوی كاركردنی هەبێت وهێچ رێگرێكی تەندروستی و جەستەیی نەبیت لە بەردەم كاركردنی دا ، هەروەها رێگری هزری و كۆمەلایەتی .
- پێویستە ئەو كەسە ئارەزوی تەواوی هەبێت بە هەموو مەرجەكانی كاركردن و ئاستی كرێی بازار.
- پیوەستە بەردەوام بیت لە گەران بەدوای دۆزینەوەی دەرفەتی كار.

چۆن بێكاری هەژمار دەكرێت:
زۆر جار بۆ هەژماركردنی رادەی بێكاری لە كۆمەڵگایەكدا پەنا دەبەینە بەر وەرگرتنی سامپڵێك (نمونەیەك) ئەویش بەدیاری كردنی ژمارەیەك كەس بۆ زانینی رادەی بێكاری لە كۆمەڵگادا:

$$\text{رادەی بێكاری} = \frac{\text{ژمارەی بێكاران}}{\text{سەرجەم هێزی كار}} \star 100$$

سەرجەم هێزی كار هەموو ئەو كەسانە دەگریتەوە كە توانای تەواویان هەیە بۆ كاركردن تەمەنیان لە نێوان (16 -63 )ساله قوتابی یان خوینكار نینە هیچ ریگریك نیە لە بەردەم كاركردنیان .
بەلام ئەو هاوكێشەی سەرەوە تەنها رادەی بێكاری رواڵەتمان نیشان دەدات ، دەبێت لە ژمارەی ئەو بێكارانە بكوڵینەوە تا بزانین چەندیان بەتەواوی توانای كاركردنیان هەیە و ئارەزوی تەواویان هەیە بۆكاركردن و بەردەوامیشن لە گەران بەدوای كاردا.

**جۆرەكانی بێكاری :**

بێكاری چەندین جۆری جیاوازی هەیە لە مانە :

1. بێكاری خولانەوە : كەئەوەیش لە كاتی پوكانەوەی ئابووری روودەدات لە هەر خولەیەكی ئابووری پێدادەروات.
2. بێكاری كاتی : كە ئەوێش پابەندە بە كاتەوە ، یان بۆ ماوەیەك تا كەسێك لە كاریك دەگوازیتەوە بۆ كاریكی تر.
3. بێكاری بنەرەتی یان (هەیكەلی) : كاتیك وولاتیك بنەرەتی ئابووری دەگۆریت بۆ نمونە لە كشتوكالیەوە بۆ پیشەسازی ئەوە بەشێك لەو كرێكارانەی كاتی خۆی لە كشتوكال كاریان دەكرد ئێستا بێكار دەمینێنەوە .

4. بێکاری هاوردراو (مستەوردەد): ئەو جۆرە لە بێکاری لە ئەنجامی هێنانی بەشێك لە هیزی کاری بییانی بۆ ناو وولات کە کاریان دەست ناکەویت لەم وولاتەدا.

5. بێکاری جەندەری ( رەگەزی) : بەهۆی جیاوازی جەندەری وەکو رەگەزی نێر و مێ یان رەنگ و شێوەی مرۆڤەکان، زور کەس بێبەش دەکرێت لە دەرفەتی کاردا.

6. بێکاری کۆمەلایەتی : ئەوەش بەهۆی رازینەبوونی جەند کەسێك بە شێوازی کارێك کە گوایە پەسند نیە لە رووی کۆمەلایەتیەوە بێکار دەمینینەوە.

7. بێکاری وەرزی : ئەوە شێوە بێکاریە کاتیە بەشێك لە هیزی کاری کومەلگا تەنها چەند وەرزێکی دیاریکراو لە سالیکدا کاریان هەیە وەرزەکانی تر بێکارن وەکو کریکارانی کەرتی کشتوکالی.

**کاریگەری بێکاری:**

- بەفیرۆدانی فاکتەرێکی بەرهەمهینان: بێکاری سوود وەرنەگرتنە لە سەرچاوەیەکی گرینگی بەرهەمهێنان ئەویش کارە.
- بەرزبونەوەی ئاستی تاوان ، بەهۆی زیادبوونی رادەی بیکاری نێو کۆمەلگادا .
- بێکاری کاریکاری هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی بە کارهێنانی مادە هۆشبەرەکان .
- زیاد بونی نەخۆشیە دەروونیەکان و کێشە کۆمەلایەتیەکان وەکو لێکجیابونەوەی خێزان و تێکچونی شیرازەی کۆمەلکا.
- نەبوونی بێکاریش لە روویەك زۆر لە زاناکان بە پەسەندی نازانن هەرچەندە بەدەست هێنانی بەکارهینانی تەواو کاریکی ئاسان نیە بەلام ئەگەر بیکاریش نەبیت ئەوە گەشەی ئابووری رادەوەستی کۆمەلگا زۆر بە ئەستەمی دەتوانی سالانە رێژەیەك گەشەسەندنی ئابووری بەدەست بینێت بە هۆی نەبوونی هێزی کاری پێویست بۆ فرەوانکردنی بەرهەمهێنان و زیاترکردنی وەبەرهێنان .

**چەماوەی فلیبس**

أدموند فلیبس زانایەکی ئابوریە لە زانکۆی کۆلومبیا ، پاش لیکۆلینەوەیەکی درێژ دەربارەی داتاکانی بیکاری لە بەریتانیا بۆ ماوەی یەك سەدە بۆی دەرکەوت کە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان بێکاری و گۆران لە کرێی کرێکاران ، هەر چەند رێژەی بێکاری زیاد بێت ئەوە ئاستی کرێ کەمدەبێتەوە بە پێچەوانەشەوە راستە . بۆیە ئەگەر بیکاری کەم بێتەوە ئەوە ئاستی خواستی هەمووەکی زیاد دەبێت کە دەبێتە بەرزبونەوەی ئاستی هەڵئاوسان . کەواتە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان **بیکاری و هەڵئاوسان هەر وەك لە نەخشەی خوارەوە دەردەکەوێت .**

هەڵئاوسان



## بێكاری

به گوێرەی ئەو پەیوەندیەی لەو نەخشەیە دەردەكەوێت لە ئابوری دەبێت هەڵبژاردن بكەین لە نیوان بێكاری و هەڵئاوسان . ئەگەر ویستمان ئاستی بێكاری كەم بكەینەوە ئەوە دەبیت رازیببین بە ئاستێكی بەرز تر لە هەڵئاوسان ، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەڵئاوسان كەم بكەینەوە ئەوە بیكاری و خامۆشی بازار دروست دەبێت

## بەشی چوارەم

## سیاسەتە ئابوریەکان

## سیاسەتی نەختێنی و دراو

دراو یان پارە رۆڵێکی گرینگی هەیە لە ژیانی ئابووری ئیستادا. ئاستی ژیانی هەرکەسیك بەو برە پارەی کەدێتە دەستی هەژماردەکرێت. پێش ئەوەی پێناسەی دراو بکەین پێویستە بزانین ئەو مەرجانە چیین کە پێویستە هەبێت لە هەر شتیك تا بە پارە یان دراو بناسرێت.

دراو ئەوە دەگریتەوە کە رازیبوونی گشتی لە سەر بێت لە ئاڵوگۆرکردندا، هەروەها بەکارهینانی ئاسان بیت توانای وردبونەوەی هەبیت و قەرزیشی پێبدریتەوە.

پێش ئەوەی پارە وەکو ئامرازێکی ئالوگۆرکردن بێتە نێو ژیانی ئابووری و دروست بێ ، کەسەکان بە قوناغی ئاڵوگۆرکردنی شمەك بە شمەك تێپەرین و ئەو قۆناغەش ، ئەستەمێکی زۆری دروست کرد ، بەتایبەتی دوای گەشەکردنی ژیانی ئابووری و ئاڵۆزبوونی.

**ئەستەمەکانی بەردەم ئاڵوگۆکردن :**

بەیەك نەگەیشتنی ئارەزوەکانی تاکەکان لە بازاردا و نەگونجانی ئارەزوەکان لە رووی کات و شوین و جۆری کاڵاکان.

نەبوونی پێوەریکی گونجاو ویەکەیەك بۆ هەژمارکردنی نرخەکان.

زۆر لەو کاڵاو شمەکانە توانای دابەشبونیان نەبوو.

ئەستەمی هەڵگرتنی زۆریك لەو کاڵایانە وەکو کۆگایەك بۆ بەها ، بە هۆی زوو تێکچونیان یان لە دەست دانی بەهاکەیان.

نەبونی توانای جیاکردنەوی کریار و فرۆشیار لە بازاردا.

لەبەر ئەو هەموو ئەستەمەی کەهاتە رێگای پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن پێویست بوو دراو وەکو ئامرازێکی کارا بیتە بازار و ئەو هەموو ئەستەمە لابات لەبەردەم کرداری ئاڵوگۆرکردن بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت کە ئەوێش ئەمانەن:

- دراو ئامرازیکە بۆ ئاڵوکۆرکردن .
- دراو یەکەیەکە بە هەژمارکردنی نرخ و بەهای شمەك و کاڵاکان.
- دراو کۆگایەکە بۆ هەڵگرتنی بەها و نرخەکان.
- دراو ئامرازێکە بۆ قەرز و پارەدانی دواتر.

**خواست وخستنەرووی دراو**

**خستنەرووی دراو :**

زۆر پیناسەی جۆراوجۆر هەیە لە دیاریکردنی خستنەرووی دراو لە بازاردا . یەکەم پێی وایە ئەو برە پارەیە دەگریتەوە کە هێزی کرینی هەیە یان راستەوخۆ دەکری بگۆردریتەوە بە شمەك یان هەرشتێك لە بازار هەبیت. کەواتە ئەگەر پارە توانای دەمودەستی نەبیت بو گورینەوە بە شمەك ئەوە نابیتە دراو و خستنەرووی پارە.

بەلام هەندی لە ئابووریناسان پێیان وایە ئەو سپاردانەی کە کورت خایەنن (سێ مانگ زیاترنەبیت ) ئەوەیش بە خستنەرووی پارە هەژماردەکریت.

کەواتە خستنەرووی دراو ئەو دوو بەشە دەگرێتەوە بری ئەو دراوەی کە لە بازارە بۆ ئاڵوگۆڕکردن وە ئەو سپاردە کورتخایەنانەی کە لەلای بانکە بازرگانیەکانە.
بەشێك لە زاناکان دەڵێن ئەوەی سەرەوە M1 خستنەرووی دراوە بە بەرتەسکی و لەوەش فرەوانتر M2 کە جگە لە M1 ئەو سپاردانە دەگریتەوە کە تۆزیك درێژخایەنترن وەکو حسابی پاشەکەوت .

**خواستی دراو:**

تاکەکان دراویان دەویت تەنها بۆ سێ مەبەستی دیاریکراو ئەو سێ مەبەستەش خواستی بازار دیاری دەکات لە سەر دراو :

- خواستی دراو بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردن یان بۆ کرینی و فرۆشتنی شمەك.
- خواستی دراو بە مەبەستی پاشەکەتکردن یان هەڵگرتنی بۆ داهاتوو .
- خواستی دراو بە مەبەستی سەوداکردن یان (جامبازی) لە بازاری دراودا

کەواتە بە کۆکردنەوەی ئەو برە پارەی کە پێوستە بۆ ئەو سێ مەبەستە خواستی گشتی بازارمان بۆ دەردەکەوێت.

نرخی سوود




سیاسەتی نەختینی

چەندین جۆرە سیاسەتی جیاوازمان هەیە هەندیکیان بە ئاراستەی هەڵئاوسانی ئابووریە هەندیکی تر بەرەو پوکانەوی ئابووری. بەگویرەی ئەو ئامانجەی کە دەمانەوەی بەدەستی بێنین،
ئەو ئامانجانە خۆیان لەم چەند ئامانجە سەرەکیە کورتدەکەنەوە:

- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بەکارهینانی تەواو یان نزیك بوونەوە لەو ئاستە و کەمکردنەوەی ئاستی بێکاری لە ولاتدا.

- گەشەکردنی ئابووری و زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی راستەقینە لەرێی هاندانی چاڵاکی ئابووری.
- کونترۆلکردنی ئاستی هەلئاوسانی ئابووری کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی.
- کاراکردنی هەناردەی دەرەکی و بەکەمکردنەوەی ئاستی بەهای دراوی خۆمالی و یان هاوسەنگکردنی تەرازوی دەرەکی و بازرگانی نێودەولەتی.

**ئامرازەکانی سیاسەتی نەختینی**

دوو جۆرە ئامرازی نەختینی هەیە یەکەمیان ئامرازی کلاسیکیە و کۆنە بەلام هەتا ئیستاش زۆر بە کارایی بەکاردێت .دووەم ئامرازی نوێیە ئەوانەش ئامرازی سەردەمیانەن.

**یەکەم : ئامرازی کلاسیکی:**

**سێ سیاسەتمان هەیە ئەویش:**

1- سیاسەتی نرخی بانك ( سیاسەتی نرخی داشکان)

ئەوسیاسەتە بانکی ناوەندی بەکاری دینیت لە رێگای ئەو نرخەی کە دایدەنێت بۆ قەرزدان بە بانکە بازرگانیەکان یان نرخی داشکانی ئەو پارە داراییەی کە لەلایانە بۆ بەدەست هینانی دراوی زیاتر بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان .

لەکاتی هەلئاوسانی ئابووری بانکی ناوەندی هەلدەستی بە دانانی نرخێکی بەرز تا بری پارەی نێو بازار کەمکاتەوە کونترۆلی بانکە بازرگانیەکان بکات تا چالاکی قەرزدان کەم کەمکەنەوە .

بەلام لەکاتی پوکانەوی ئابووری بەپێچەوانەوە نرخی داشکان کەم دەکاتەوە  تا بانکە بازرگانیەکان بە هەرزانی پارەکانیان دەستکەوێتەوە  هەروەها نرخی بەقرزدان کەمدەبیتەوە کە ئەویش کاردەکاتە سەر نرخی سوود لە بازاردا بەوەش بری پارەی نێو بازار زیاد دەکات.

2- **سیاسەتی بازاری کراوە :**

ئەوەش یەکێکە لەو سیاسەتە کلاسیکیانە کە بانکی ناوەندی بەکاریدێنێت بۆ کارلیکردنی پارەی یەدەگی نێو بانکە بازرگانیەکان، لە ریێ کرین و فرۆشتنی سەنەداتی بانکی ناوەندی و دراوی بیانی داشکاندنی نرخی سەنەداتی حکومی.

بۆ نمونە ئەگەر بانکی ناوەندی ویستی خستنەرووی پارە کەمکاتەوە ئەوە سەنەدات دروست دەکات و دەیفرۆشیت بە نرخی سودی بەرز، بەم شێوە پارەی نێو بانکە بازرگانیەکان کەمدەبێتەوە توانای قەرزدانیان دادەبەزێت ناتوانن پارە زیاد کەن لە بازار.

بە پێچەوانەوە ئەگەر ویستیان پارە زیاد بێت ئەوە سەنەدات دەکرنەوە و بە نرخێکی بەرزتر لەوەی فرۆشتبویان، بەوەش خستنەروی پارە لە نێو بانکە بازرگانیەکان زیاد دەبێت و توانای قەرزدان یان زۆر دەبێت نرخی سوود دادەبەزێت پارەیەکی زۆر دەچێتە بازار .

3- **سیاسەتی رێژەی یەدەگی یاسایی:**

وەکو باوە لە سستەمی نوی بانکەکان کە دەبێت هەر بانکیکی بازرگانی برێك یان رێژەیەك لە پارەی سپاردراو لایان وەکو رێژەی یەدەگی یاسایی لەلای بانکی ناوەندی دانین.

بەلام ئەو ریژەیە بانکی ناوەندی وەکو سیاسەتیکی نەختێنی بەکاری دێنێت بۆ زیادکردنی یان کەمکردنی خستنەرووی دراو لە بازاردا هەر وەك : لەکاتی هەبوونی پارەی زیاد لە بازار ئەو ریژەیە زیاد دەکەن بە پێچەوانەوە ئەگەر ویستیان پارە زیاد بێت لە بازار ئەوە ئەو رێژەیە کەمدەکەنەوە .

**دووەم: ئامرازی هاوچەرخ**

**سیاسەتی ئامۆژگاری و چاودێری**

ئەو سیاسەتە تەنها دەوستێتە سەر ئامۆژگاری بانکی ناوەندی بۆ بانکە بازرگانیەکان و چاودێریکردنیان لە ئەنجامدانی قەرز و یان زیاد کردنیان بۆ پارەی سپاردە، ئەویش دوو جۆرە :

**ا- چاودێری چەندی** : ئەویش بە ئامۆژگاریکردنیان لەو برە قەرزەی کە دەیدەن بە وەبەرهێنەرەکان یان ئەو برە پارەی کە لایان دەسپێردریت.

**ب-چاودێری جۆری : ئەوش بە ئامۆژگاریکردنی بانکە بازرگانیەکان بە خۆ پاراستن** لە چەند جۆرەك لە قەرز یان بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو .

**سیاسەتی سپاردەی تایبەت:**

بە گوێرەی ئەو سیاسەتە بانکی ناوەندی داوادەکات لە هەموو بانکە بازرگانیەکان کە بریکی دیاریکراو پارە بسپێرن لە لای بانکی ناوەندی ، ئەو برە پارە سپێردراوە دەست بەسەر دەبێت لەلای بانکی ناوەندی . ئەگەر ویستیان ئەو برە پارە سپێردراوە بەدەست بێنەوە ئەوە یان پێویستیان بە دانی رێژەیەك لە سوود.

## سیاسەتی دارایی

وەکو لە بەشەکانی پێشو باسمان کرد کە خەرجی حکومەت G یەکێکە لە پێکهاتەکانی بەرهەمی نەتەوەیی GDP بۆیە هەرزیادەیەك یان کەمبوونەوەیەك لە خەرجی حکومەت رۆڵیکی گرنگی هەیە لە سەر هاوسەنگی بازاری هەمووەکی.

لە هەر ئابووریەك دا حکومەت بودجەی هەیە دایدەرێژێت بەشێوەیەك کە کەمووکوری بازار پردەکاتەوە و هاوسەنکی هەمووەکی بەدەستدێنێت، ئەوش پێیدەوترێت سیاسەتی دارایی کە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەمانەن:

- بەدەستهینانی بەکارهێنانی تەواو بۆ دەرامەتە ئابووریەکان
- بەدەستهێنانی سەقامگیری لە ئاستی نرخی گشتی لە بازاردا.
- بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی ئابووری .
- هەوڵدان بۆ دووبارە دابەشبوونەوەی داهات لە کۆمەڵگادا و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی ئابووری .

**پێکهاتەکانی بودجە**

بە گشتی بودجە لە دوو لایەن پێك دێت: داهاتی گشتی ، خەرجی گشتی

- داهاتی گشتی : بەگشتی لە سێ سەرچاوە بەدەست دێت

- داهاتی ناوخۆیی : کە ئەویش ئەو داهاتانە دەگریتەوە کە لە ناوخۆی وولاتدا بەدەستدین ، وەکو داهاتی باج بە هەردوو شێوەکەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ، رسم و دۆمین ... هتد
- داهاتی دەرەکی : وەکو ئەو یارمەتی و بەخشینانەی لە دەرەوەی وولات دێت جا چ لە وولاتیکی تر بێت یان ریکخراوە نیودولەتیەکان .
- قەرزی گشتی و دەرەکی : ئەویش دوو جۆرە قەرزی حکومەت لە ناوخۆی وولات لە رێی سنەداتی حکومی یان راستەوخۆ لە بانکەکان. هەروەها قەرزی دەرەکی لە بانکی نێودەولەتی یان سەندوقی دراوی نیودولەتی .

خەرجی گشتی : بەگشتی ئەویش دەبێتە دوو جۆر :

- خەرجی بەکارخستن : ئەویش ئەو خەرجیە حکومیانە دەگریتەوە کە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی کاری رۆژانەی حکومەت ، کە دووبارەدەبیتەوە بە بەردەوامی و سال بەدوای سال وەکو : موچە و کرێ و کرینی کەلوپەلی پێویست بۆ کارەکانی حکومەت ، هەندی خزمەتگوزاری وەکو خویندن و تەندروستی و ئاسایش و بەرگری... هتد
- خەرجی سەرمەیەداری یان وەبەرهێنان : ئەو جۆرە خەرجیە سروشتی سەرمایە دروستکردنی هەیە کەدەبێتە شێوازێك بۆ دروست کردنی وەبەرهێنانی نوێ وەکو کرینی ئامێرو کەلوپەلی سەرمایەداری و زەوی و دروست کردنی ژێرخانی ئابووری هەروەك رێگاوبان و پردو فرۆکەخانە.... هتد

**حالەتەکانی بودجە: سێ حالەتی جیاواز هەیە بۆ بودجە**

- بودجەی هەوسەنگ : ئەو حالەتە داهاتی گشتی یەکسان دەبێت بە خەرجی گشتی.
- زیادەی بودجە : ئەو حالەتە داهاتی گشتی زیاترە لە خەرجی گشتی حکومەت
- کورتهێنانی بودجە: ئەو حالەتە خەرجی گشتی زیاترە لە داهاتی گشتی حکومەت.

**ئامرازەکانی سیاسەتی دارایی:**

بەگشتی دوو جۆرە ئامرازی دارایی هەیە :

1. ئامرازی خۆرسك و بی مەبەست:

ئەو جۆرە ئامرازە هەڵدەستێت بە جیبەجیکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دارایی بێ ئەوەی دەولەت دەسکاری بکات بە شێوەیەکی خۆرسك هاوسەنگی بازار دروست دەکاتەوە. ( Automatic Stabilizers) هەروەك باجی بەرزبۆوە ئەو جۆرە باجە لەگەڵ بەرزبونەوەی داهات رێژەکەی بەرز دەبێتەوە ، وە رێژەکەی لەگەڵ دابەزینی داهات دادەبەزێت.

کاتی ئاستی داهات لە وولات زیاد دەکات ئابووری بەرەو هەڵئاوسان دەروات ئەو ئامرازە باجیکی بەرز بۆ داهاتی حکومەت بەدەست دێنێت کەدەبێتە هۆی دروست بوونی حالەتی زیادەی بودجە کە ئەویش پارەی نێو بازار کەمدەکاتەوە سنورێك بۆ هەلئاوسان دائەنێت . بە پێچەوانەوەش ئەگەر پوکانەوەی ئابووری هەبێت ئاستی داهات دا ئەبەزێت ، ئەو باجە رێژەکەی کەم دەبێتەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی کورتهێنانی بودجە بەو شێوە حکومەت پارە زیاد دەکات لە بازار تا هاوسەنگی دروست

دەبێتەوە . ئەم جورە ئامرازە تەنها بە شێوەیەکی یاسایی بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پلانێکی پێشوەخت هەبێت روو ئەدات ریکخستنێکی ئابووری لە بازار دروست دەکات .

ئەو جۆرە سیاسەتە جگە لە باجی بەرزبووە ئەو یارمەتی و بیمانە دەگرێتەوە کە حکومەت دەیدات بە مەبەستی یارمەتی دانی توێژیکی کومەلایەتی بەلام ئەو بیمەیە هەمان رۆڵی خۆرسك دەبینیت وەکو باج بۆ هاوسەنگکردنی ئابووری .

2. ئامرازی سیاسەی دارایی بە مەبەست

ئەو ئامرازانە بە ئامانجی کارلیکردن لە ئاستی داهات و بەرهەمی نەتەوەیی و ئاستی گشتی نرخ لە بازاردا بە کاردێت ، بە شێوەیەك کە حکومەت دایاندەرێژێت بە مەبەستك بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە . ئەو ئامرازانەش ئامانەن:

- ئاستی خەرجی گشتی
- سستەمی باج

هەردوو ئەمانەی سەرەوە بە یەکەوە

ئەو سیاسەتانە بەکاردین کاتی ئابووری وولات لە پوکانەوەدایە یان لە هەڵئاوسان: لە کاتی بوونی پوکانەوەی ئابووری سیاسەتی روەوفرەوانی بەکاردێت وەکو کەمکردنەوەی باج یان زیاد کردنی خەرجی گشتی یان هەردووکیان بەیەکەوە . بە پێچەوانەوەش ئەگەر هەڵئاوسانی ئابووری لە ئارادا بوو ئەوە سیاسەتی روەوپوکانی بەکاردێت بەکەمکردنەوەی خەرجی گشتی و زیاد کردنی باج یان هەردووکیان.

لە حالەتی بونی کەلینی پوکانەوی :

لەو حالەتە بازار لە پوکانەوەدایە پێویستە حکومەت خەرجی خۆی زیاد بکات یان باج کەم کاتەوە تا ئەو کەلێنە پرکاتەوە وەکو لەوشێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت



له حالەتی بونی کەلینی هەڵئاوسان: لەو حالەتە ئابووری لە هەڵئاوساندایە پێویستە حکومەت سیاسەتی پوکانەوە بە کاربێنیت ئەویش بە زیادکردنی باج یان کەمکردنەوەی خەرجی گشتی یان هەردووکیان بەیەکەوە  وەکو لەو شێوەیە دەردەکەوێت

## بازرگانی نیودەولەتی

بازاری نیودەولەتی بە یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی پیشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزرانی گەلان دەناسرێت. دوای ئەو پێشکەوتنی زانیاری و ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندی نیودەولەتی دونیا بوە بە گوندێکی بچوك کە باسی بازرگانی نیو ولاتان کاری رۆژانەی هەمومانە. بۆیە پرسیاری گرنگ ئەمرۆ ئەوەیە ئایا بنەماکانی ئاڵوگۆرکردن و پێوەرەکانی چی یە و چۆن دیاری دەکرێت؟.

**گرنگی بازرکانی نیودەولەتی:**

گرنگی بازرگانی لە دەگمەنی کەرستەکانی بەرهەمهێنان لە هەندی شوێن هەڵدەقولێ و زۆر وولات ناتوانێت هەموو پێداویستیەکانی بەدەست بێنێت، بۆیە ناچاربوو پەنا بەرێتە بەردەم بازاری نیودەولەتی. بەلام ئەوە یەکەم هۆکاری کلاسیکی بوو بۆ گرینگی دان بەبازرگانی ، دوای گەشەکردنی ئابووری چەند هۆکاریکی تر هاتە ئاراوە ئەویش جیاوازی نیوان تیچوی بەرهەمهێنان لە هەر وولاتێکدا، کە بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەنجامدانی بازرگانی نیو وولاتان.

هەروەها بوونی جیاوازی ئارەزووی بەکاربەران هەرچەندە جۆر و تیچوی بەرهەمهینان وەکو یەك بن ، کاتێك بەکاربەرانی وولاتێك ئارەزووی بەکاربردنی کاڵای وولاتیکی تر دەکەن ناچارین روو لە بازرگانی نێودەولەتی بکەین.

کەواتە بە کورتی سێ هۆکاری سەرەکی هەن بۆ گرنگی دان بە بازرگانی نێودەولەتی :

- جیاوازی نێوان توانای بەرهەمهێنان و دەگمەنی بوونی چەند کەرستەیەکی خاو لە نیوان وولاتانی دونیا.
- جیاوازی تێچوی بەرهەمهێنان لە نێوان وولاتانی جیهان بۆ کاڵایەکی دیاریکراودا.
- جیاوازی ئارەزووی بەکەربەرانی کاڵاکان .

**دەسکەوتی دوولایەنانەی بازرگانی:**

زۆر لە زاناکان وەکو ئادم سمێس پێیان وابوو بازرگانی قازانجی وولاتیکە لە سەر حسابی وولاتیکی تر . بۆیە دەیان گووت پێوستە وولاتیك قازانجەکانی خۆی بەرزکاتەوە بە بەرزکردنەوەی گەورەترین زەرەر لە وولاتێکی تر.بەلام دوای ~ادەم سمیس زۆر لە زاناکان هاتنە ئەو باوەرە کە بازرگانی بە قازانجی هەردوولا دەگەرێتەوە و هەردوو ولات سوودمەند دەبن بەلام بە رادەیەکی جیاواز .

**تایبەتمەندی رەها و رێژەیی:**

زۆر لە ئابووری ناسەکان باوریان وایە بوونی تایبەدمەندی بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەك هانی وولاتێك دەدات روو لە بازاری دەرەوە بکات بۆ دۆزینەوەی وولاتێك کە بازرگانی لەگەڵدا بکات. بۆ ئەوەی وولاتێك بتوانێت کاڵایك هەناردەی دەرەوە بکات دەبێت تایبەتمەند بێت لە بەرهەمهێنانی ئەم کاڵایە بە برێکی زۆر و بە کەمترین تێچو و باشترین جۆر. ئادەم سمیس دەلێ بۆ ئەوەی بازرگانی رووبدات دەبێت هەر وولاتیك تایبەتمەند بێت بە شیوەیەکی رەها لە بەرهەمهێنانی کاڵایەك کە هیچ وولاتیك نەتوانی وەکو ئەوەی بەو تێچووە و برە زۆرە بەرهەم بێنێت . بەلام دیڤید ریکاردۆ باوەری وابوو دەکرێت دوو وولات ئالوگۆری بکەن ئەگەر تایبەدمەندی رەهاش نەبن لە بەرهەمهێنان، تەنها تایبەدمەندی رێژەیی هەبێت لە نێوانیاندا.

تایبەدمەندی رێژەیی دەکرێ بەو نمەنەیە روون بکرێتەوە:

ئەگەر هاتوو دوو وولات هەبێت یەکەم ( بەرازیل ) دەتوانێت قاوە و لۆکە بەرهەم بێنێت هەروەها وولاتی دووەم مسر . بەم شێوەیە خوارەوە:

| بەرهەم | بەرازیل | مسر |
|---|---|---|
| لۆکە ( یەکە) | 12 | 10 |
| قاوە ( یەکە) | 6 | 1 |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت کریکاریکی بەرازیلی دەتوانێت 12 یەکە بەرهەم بێنیت یان 6 یەکە قاوە. بەلام کرێکاری مسری دەتوانی 10 یەکە لۆکە بەرهەم بێنێت یان 1 یەکە قاوە . کەواتە بەرازیل دەتوانی هەردوو کاڵاکە بەرهەم بێنێت زیاتر لەوەی مسر ، بەلام ئەوە مانای ئەوە نیە بەرازیل هەردوو کاڵاکە بەرهەم بێنیت و مسر هەردووکیان هاوردەکات لە بەرازیل . بەلکو ئەگەر هەر یەك لەو دوو دەولەتە تایبەتمەند بن لە بەرهەمهێنانی کاڵایەك و کاڵاکەی تر لەوی تر هاوردەکەن بۆ هەردوو لا سوودمەندە. بەوشێوەیە بەرازیل ( 12: 6 ) یان یەك یەکە قاوە بە 2 یەکە لۆکەیە بەلام مسر (10 : 1) یان یەك یەکە قاوە 10 یەکە لۆکەیە بەم جۆرە مسر لە لوکە هەرزانترە و لە بەرازیلیش قاوە هەرزانترە . بۆیە

ئەگەر هاتوو رادەی گۆرینەوەی نیودەولەتی 1 قاوە بە 4 لۆکە بێت ئەوە هەردوو وولات سودمەند دەبن بەم شێوەیەی خوارەوە:




**دەسکاری و کۆسپ لەبەردەم بازرگانی نێودەولەتی: ( سیاسەتی بازرگانی)**

وەکو لە باسی هاوسەنگی باسکرا کە نرخی بازار بەم مەرجانەی سەرەوە دیادەکرێت بەلام لە بازاری ئازاد . بەلام بازار ئازاد نیە لە زۆر شوێنی دونیا بۆیە چەند جۆریك کۆسپ هەیە کە حکومەت دەیکات بەناوی پاراستنی بەرهەمی خۆمالی :

**باجی گومرگی:**

**باجی گومرکی:** پێناسە دەکرێت هەر وەك ئەو باجەی کە دەولەت دەیخاتە سەر ئەو کاڵایانە کە لە سنورەکان دەپەرێتەوە جا هەناردە بیت یان هاوەردە ، ئەو سیاسەتە بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆمالی بەکاردێت وەکو باجی گۆمرگی ئەو برە باجەیە دەخرێتە سەر کاڵای هاوەردە تا نرخی بەرز بێتەوە بۆ ئەوەی بەرهەمی هاوشێوەی خۆمالی بتوانێ بەربەرەکانی نرخی لە گەڵ بکات ، بەرهەم هێنەری خۆمالی لە بەرامبەر بەرهەمی هاوردە دەپارێزێت. بەم شێوەیە حوکمەت بەبیانوی پاراستنی بەرهەمی خۆمالی بەکاریدێنێت و بۆ خۆشی برێك باجی دەست دەکەوێت ، ئەوەش دابەش دەبیت بۆ دوو جۆر:

- **باجی جۆری** : ئەو جۆرە لە باج برە پارەیەکی نەگۆرە دەخرێتە سەر هەر یەکەیەك لە کاڵاکە لە سەر بنامای ( کێش ، قەبارە یان دانە.

- **باج له سەر بەها** : ئەوە ریژەیەكە دیاریكراوە له بەهای كاڵاكە دەخرێتە سەر كاڵای هاوەردەكراو.
- باجی تێكەلاو: ئەو جۆرەیە كە پێك دێت له هەردوو جۆری باج له سەر جۆر و بەهاكەی.

**كاریگەری باجی گمرگی**

**دەتوانین گرینگترین كاریگەری باجی گمرگی كورت كەینەوە بەو چەند خاڵە :**

1. كاریگەری باجی گمرگی له سەر نرخەكان و برەكانی هاوردەكراو یان بەرهەمهێنراو .
2. كاریگەری باجی گمرگی له سەر قەبارەی بەكاربردنی كاڵاكان چونكە نرخەكەی زیاد دەكات كە كار دەكاتە سەر بەكاربردن كەمی دەكاتەوە .
3. كاریگەری باجی گمرگی له سەر داهاتی دارایی وولات .
4. كاریگەری باجی گمرگی له سەر دووبارە دابەشبونەوەی داهاتی نەتەوەیی .
5. كاریگەری باجی گمرگی له سەر رادەی ئاڵوگۆركردن نێودەولەتی .

ا) سستەمی بەشكاری : دیاری كردنی گەورەترین بری هاوەردەكراو . ئەویش سێ جۆرە :

ا- سستەمی دیاریكردنی بری هاوردەكراو : لەو سیاسەتە حكومەت تیایدا بری هاوەردەكراو له كاڵایەكی دیاریكراو دیاری دەكات بە پێی زۆرترین بر یان بەهاكەی .

ب- سیاسەتی قەدەغەكردن : ئەو سیاسەتە دەولەت تیایدا ئاڵوگۆركردن قەدەغەدەكات له گەل بازارە جیهانیەكان له هاوەردەكان یان هەناردەكان یان هەردوكیان ، ئەوەش بە دوو شێوە دەبێت :

- قەدەغەكردنی هەمووەكی : ئەو سیاسەتە دەولەت تیایدا ئاڵوگۆركردن قەدەغەدەكات له گەل بازارە جیهانیەكان بە شێوەیەكی گشتی ، یان پشت بەسیاسەتی دابینكردنی خۆماڵی كە بەیەكجاری واز له بازارەدەرەكیەكان دێنیت .
- قەدەغەكردنی هەندەكی : ئەوەش دەولەت هەڵدەستێ بە راگرتنی ئاڵوگۆركردن له گەڵ هەندی دەولەتی دیاری كراو یان هەندی كاڵای دیاریكراو . ئەو سیاسەتە له هەریمی كوردستان له 2009 وە پێرەو كراوە سەبارەت بە بەرهەمە كشتوكاڵیەكان .

ج - روخسەت و ایجازەی هاوردەكردن : حكومەت دەتوانیت بە رێگای پێدانی ایجازەی هاوردەكردن كۆنترۆلی بازرگانی كردنی چەند كاڵایەك بكات ئەگەر ویستی كەم هاوەردەبكرێت ایجازەی هاوردەكردنی كەمدەكاتەوە بەوەش خستنەرووی كەمدەبێتەوە یان نرخی بەرز دەبێتەوە .

**پاڵپشتی هەناردەكردن :**

یەك له سیاسەتە بازرگانیەكان پاڵپشتی حكومەتە بۆ هەناردەكردنی ئەو كاڵایانەی بەرهەمهێنەرە ناوەخۆیەكان بەرهەمی دەهێنین و هەناردەی بازارە جیهانیەكانی دەكەن تا بتوانن باشتر ركابەری كاڵا بیانیەكان بكەن ئەوش چەند جۆریكی هەیە :

پاڵپشتی و یارمەتی : ئەو سستەمە هەموو ئەو جیاكاری و ریگەخۆشكەرانە دەگریتەوە یان هەر یارمەتیەك حكومەت دەیدات بە بەرهەمهینەرە خۆماڵیەكان بۆ باشكردنی باری ركابەرایەتی

بەرهەمەكانیان لە بازارە جیهانیەكان یان بۆ بەدەست هێنانی شوینی دیاریكراو لە بازارەجیهانیەكان هەروەك پێدانی برە پارەیەك بەو كەسانەی دەتوانن كاڵایەك هەناردەی دەرەوە بكەن.ئەوەش دوو جۆرە پالپشتی راستەوخۆ : ئەو ریگایە راستەوخۆ دانی برە پارەیەك بە بەرهەمهێنەكان كە كاڵاكانیان رەوانەی دەرەوە دەكەن ، ئەوەش ئاسانترین و سادەترین ریگایە زۆر لە كۆنەوە بەكارهاتوە.

پاڵپشتی ناراستەوخۆ: ئەوەش بە ریگای پێدانی چەند جیاوگێك ( امتیازات) بە پرۆژەكان تا توانایان زیاتربیت لە بەرهەمهێنانی كاڵاكان لە رووی جۆر و تیچوی بەرهەمهێنان هەروەك لێخۆشبونیان لە باج یان رێژەیەك لە باجی سەر قازانج یان هەندی ئاسانكاری لە متمانەپێدان و پێدانی زەوی یان ایجازەی بەرهەمهێنان بە پارەیەكی كەم ، هەندی جار بەشێك لە تیچوی گواستنەوەیان بۆ دەدرێت ، هەروەها بەژدارییپێكردنیان لە پێشانگا نێودەولەتیەكان تا زیاتر بە بازارە جیهانیەكان بناسرێن . زۆر جار هاوكاری دەكرێن لە بەژدارییپێكردنیان لە بەرنامەی راهێنان و خولی بەهێزكردن یان پرۆسەی توێژینەوەی زانستی بۆ بەهێزكردنی كوالەتی بەرهەمەكانیان.

.